هەڤاڵ ئەبوبەکر: بەغدا لەجیاتی فشارکردنەسەر پارتی و یەکێتی مووچەو نانی خەڵکی کوردستان دەبڕێت

ئەمڕۆ شەممە (25ـی تشرینی دووەمی 2023)، یەکەمین دیداری میزەپەتامیا لە سلێمانی بەڕێوەچوو بە مەبەستی ئاسێی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، کە تیایدا پارێزگاری سلێمانی هەڤاڵ ئەبوبەکر ڕایگەیاند: بەغدا لەجیاتی فشارکردنەسەر پارتی و یەکێتی، مووچە و نانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبڕێت، هەروەها دووپاتیانکردەوە، ئەگەر ئەو جۆرە سیاسەتە لە بەغدا بەردەوام بێت تەواوکاری جینەسایدی ئژەمی پێشوو دەکاتەوە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر وتیشی: لە هەشت ساڵی ڕابردوو تاوەکو ئێستا بەغدا بودجەی هەموو کەرتەکانی هەرێمی بڕیوە و باجەکێشی تەنها خەڵکی کوردستان داویەتی، هەروەها ئاماژەی بۆشدا، ئەوەی ئێستا عێراق بەرامبەر هەرێم دەیکات هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ جینەساید کردن نییە.